**زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر**

Salahaddin University-Erbil

# ( ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەختیار عەلی) دا

ئەم پڕۆژەی دەرچوونە
پێشکەش بە بەشی زمانی کوردی ،لە زانکۆی سەلاحەددین-
کۆلێژی پەروەردە-کراوە،وەک بەشێک لە پێویستیەکانی
بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

ئامادەکردنی:

**ئەنەس نەجات عومەر**

بە سەرپەرشتی:

**د.شەرمین إبراهیم عزیز**

**ئایار- ٢٠٢٤**

## پشتگیری و واژووی سەرپەرشتیار :

بڕیارم دا بە پەسندکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی(ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەختیار عەلی)دا کە ئامادەکراوە لە لایەن قوتابی(ئەنەس نەجات عومەر)بە سەرپەرشتی من لە بەشی زمانی کوردی-زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە ، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە( زمان و ئەدەبی کوردی ).

واژووی سەرپەرشتیار:



شەرمین ئیبراهیم عزیز

٢٠٢٤/٤/٢

## پێشکەش کردن :

- پێشکەش بە ماندووبوونی دایک و باوکم.
- پێشکەش بە سەرپەرشتیار(د. شەرمین)کە هاوکارم بوو لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.
- پێشکەش بە هەموو هاوڕێ و هاوپۆلانم.
- پێشکەش بە هەموو ئەو ئەزیزانەی کە هاوکاربوون بۆ لەدایکبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

**سوپاس و پێزانین:**

- سوپاس بۆ خودای گەورە بۆ تەواوبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە.
- سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەردەم پاڵپشتم بوونە بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.
- سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم(د.شەرمین إبراهيم عزيز)
- سوپاسی هەر کەسێک دەکەم کە بە وشەیەکیش بێت پاڵپشتی کردبم.

**پوختە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشـــانی(ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (بەندەفەیلی) بەختیار عەلی)دا ، هەوڵێکە بۆ شـــارەزابوون لە ڕەهەندە دەروونییەکانی نێو ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان ، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە سێ بەش ، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پێشەکی ، لە ناونیشان و سنووری توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە و گرینگی لێکۆڵینەوەکە و گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە و نـاوەڕۆک دەگرێتەوە ، لە بەشـــی دووەمـدا بەشـــێوەیەکی تیۆری باس لە چەمک و پێناســـەی دەروونناســـی و مێژووی ســـەرهەڵدانی دەروونناسی و ڕابەرانی دەروونناسی و باسی کارەکانی سێ لە دیارترین ڕابەرانی ئەم زانستە دەکەین، لە بەشـــی ســـێیەمدا ڕەهەندی دەروونی لە(ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەختیار عەلی)دا دەکەین.

لە کۆتاییدا بە ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی بەکارمان هێناوە ، کۆتایی هاتووە .

## لیستی ناوەڕۆک:


| لاپەڕە | بابەتەکان |
| --- | --- |
| أ | پشتگیری و واژووی سەرپەرشتیار |
| ب | پێشکەش کردن |
| ت | سوپاس و پێزانین |
| ث | پوختە |
| ج - ح | لیستی ناوەڕۆک |
| | **بەشی یەکەم** |
| ١ | پێشەکی |
| ٢ | ١-١ سنووری لێکۆڵینەوە(ناونیشان) |
| ٢ | ١-٢ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوە |
| ٢ | ١-٣ گرینگی لێکۆڵینەوە |
| ٢ | ١-٤ گیروگرفتی لێکۆڵینەوە |
| ٢ | ١-٥ ڕێبازی لێکۆڵینەوە |
| ٢ | ١-٦ کەرەستەی لێکۆڵینەوە |
| | **بەشی دووەم** |
| ٣-٦ | ٢-١ چەمک و پێناسەی دەروونناسی |
| ٦-٩ | ٢-٢ مێژووی سەرهەڵدانی دەروونناسی |
| ٩ | ٢-٣ ڕابەرانی دەروونناسی |
| ٩-١٠ | ٢-٣-١ سیگمۆند فرۆید |
| ١١-١٢ | ٢-٣-٢ کارڵ گۆستاڤ یۆنگ |
| ١٢-١٣ | ٢-٣-٣ ئاڵفرێد ئادلەر |
| | **بەشی سێیەم**<br>**ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی** |
| ١٤ | ٣-١ لایەنی ئەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا |
| ١٤ | ٣-١-١ گەشبینی |
| ١٤-١٥ | ٣-١-٢ دڵخۆشی |
| ١٥ | ٣-١-٣ هیوا |
| ١٦ | ٣-١-٤ خۆشەویستی |
| ١٧ | ٣-١-٥ ئارامی |
| ١٧ | ٣-٢ لایەنی نەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١ ڕەشبینی | ١٧-١٨ |
| ٣-٢-٢ خەمۆکی | ١٨ |
| ٣-٢-٣ دڵەڕاوکێ | ١٩ |
| ٣-٢-٤ بێئومێدی | ١٩-٢٠ |
| ٣-٢-٥ ترس | ٢٠ |
| ٣-٢-٦ تەنیایی | ٢١ |
| ئەنجام | ٢٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٣-٢٤ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ٢٥ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٦ |

## بەشـی یـەکــەم

### ١- پێشەکی :

ڕۆمان وەک ژانەرێکی ئەدەب ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە دەرخســـتنی ڕووداوەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای ڕۆمانەوە نووســەر تیشـک دەخاتە ســەر کۆمەڵێک کێشــە و گرفت کە لەنێو کۆمەڵگادا بوونی هەیە. ڕۆمان چەندین جۆری هەیە کە هەر جۆرێک گوزارشـــت لە بارودۆخێک دەکات ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە چەندین بیروڕا دەخاتەڕوو کە مەرج نییە هەموو کاتێک ئەو بیروڕایانە ڕەنگدانەوەی هزری نووســـەربن. ڕۆمان لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە(ڕووداو ، کات ، شوێن ، کارەکتەر)لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە باس لە لایەنی دەروونی کارەکتەر دەکەین کە بارودۆخی دەروونی کارەکتەر لە کاتی ڕووداوەکان و بە درێژایی ڕۆمانەکە چۆن بووە. بەختیار عەلی بە شـــێوازێکی زۆر باش لایەنی دەروونی کارەکتەری ڕوونکردۆتەوە و تیشکی خستۆتە سەر. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە تیشکمان خستۆتە سەر گرینگترین لایەنە دەروونییەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانەکەدا .

**١-١- ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشـــــانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ( ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەختیار عەلی)دا.

**١-٢- سنوری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکەمان، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکە خۆی دەبینێتەوە. ئەویش (بەندەر فەیلی)یە.

**١-٣- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

دوو ڕێبازمان تێکەڵکردووە، لە بەشە تیۆرییەکەدا ڕێبازی وەسفیمان و لە بەشە پراکتیکییەکەشدا ڕێبازی شیکاریمان گرتۆتەبەر.

**١-٤- هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

لە ڕاستیدا کاریگەربوونمان بەو ڕۆمانە، هۆکاری سەرەکیمان بوو، هەروەها کاریگەری زانستی دەروونناســـــی لە ژیانماندا هۆکارێک دیکە بوو، بۆیە کارمان لە ڕەهەندە دەروونییەکان ئەنجام دا.

**١-٥- ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەوڵێکە بۆ خســتنەڕوو و دەرخســتنی پەیوەندی زانســتی دەروونناســی بە ئەدەبەوە، ئەمە لە لایەک لەلایەکی دیکەوە تیشــک خســتنەســەر ڕەهەندە دەروونییەکان لە ڕۆمانی (بەندەر فەیلی) بەختیار عەلی دا.

**١-٦- پلانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان جگە لە پێشـەکی، لە بەشـێکی تیۆری و بەشـێکی پراکتیکی پێکهاتووە. لە بەشـە تیۆریەکەدا باســــمان لەمانەی خوارەوە کردووە: ( چەمک و پێناســــەی دەروونناس، مێژووی سەرهەڵدانی دەروونناسی ئەدەب، ڕابەرانی دەروونناسی).

لە بەشــــە پراکتیکیەکەشــــدا ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی بەندەر فەیلیمان بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێینەکان دەســــتنیشـــــان کردووە. هەروەها لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەمان خســتۆتە ڕوو، دواتریش لیســتی ســەرچاوەکانمان ڕیزکردووە، لەگەڵ پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزیمان دەستنیشان کردووە.

# بەشی دووەم

## ٢-١ چەمک و پێناسەی دەروونناس:

لە سـەرەتادا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سـەر بنەڕەتی چەمکی دەروونناسـی و ڕەگ و ڕیشـەکەی دەسـتنیشـان بکەین، ئەوە دەروونناسـی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی، کە لە هەردوو وشـەی (psyche)کە بە مانای گیان یان ڕوح دێت، یان زۆر کات وشـــەی (psychirios)کە بە مانای ڕووحـانی بەکـاردێـت. ((لەگەڵ وشـــەی( logos)کە بە مـانـای زانســـت یـان لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە))(یونس،٢٠٠٧ص١٧)، دواتر لە زمانی یۆنانیدا بۆ زانســـتی دەروونناســـی چەمکی (psychelogos) بەکارهاتووە، کە بە زمانی ئینگلیزی (psychology) و بە زمانی فەرەنســـی (psychogie)ی بۆ بەکارهاتووە، دواتر لە زمانی عەرەبیدا بە (علم النفس یان الســـیکولوجیا) ئـــــامـــــــاژەی بـــــــۆ کـــــــراوە.
لە هەموو ئەمـانەدا دەگەینە ئەوەی، کە بە یەک مـانـای هـاوبەش ئـامـاژەی بۆ کراوە، ئەویش ((ســـایـکـۆلـۆژی مـانـای دەروونـزانـی (دەروونـنـاســـی) یـان زانســـتـی دەروون دەگرێتەخۆ))(قەرەچەتانی،١٩٩٦،ل١).

لە ســـەرەوەدا مانای چەمکی دەروونناســـیمان بۆ ڕوونبووەوە، بەڵام کێشـــەکە لێرەدا بە کۆتا نایەت.چونکە کاتێک دەڵێین دەروونناســـی زانســـتێکە لە (دەروون) دەکۆڵێتەوە، ئێمە تووشـــی گومان و پرسیار دەکات ئایا دەروون وەک بابەتێکی نابەرجەستە زانست چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەر بۆیە زانســـتی دەروونناســـی گۆڕانێکی بەخۆیەوە دیت ڕووی لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئاڕاستەی مرۆڤ و ڕەفتارەکانی مرۆڤ کرد، چونکە مامەڵە لەگەڵ خودی دەروون ئاڵۆزە، بۆیە دەبێت بە شـــوێن ئاماژەکانیدا بڕۆین، کە لە ڕەفتار و هەڵســـوکەوت و چالاکییەکانی مرۆڤدا دەردەکەوێت.

زانســـتی دەروونناســـی جەختێکی زۆر لەســـەر مرۆڤ و ڕەفتارەکانی دەکات.((زانســـتی دەروونناســـی ئەو زانستەیە کە دەکۆڵێتەوە لە کردار و هەڵسـوکەوت و کارەکانی مرۆڤ.لەژێر ئەو بـاوەڕەی کە هەموو ئەمـانە دەرکەوتەی دەروونن))(عویضـــة،١٩٩٦ص٥-٦)، بەو مـانـایەی دەروون خاوەنی دەرکەوتن و چالاکی جودایە لە کات و ســـاتی جیاوازدا دەســـت بە دەرکەوتن دەکات و زانســـتی دەروونناســـی لە ڕێگەی ئەم دەرکەوتنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەروون.بە مانایەکی تر زۆربەی کار و چالاکییەکانی مرۆڤ کە لێی دەردەکەوێت هەر هۆی واقیعی نیە بە تەنیا بەڵکو هۆی دەروونیشی هەیە.

دەروون وەک بزوێنەری یەکەم و کاریگەر کاردەکاتە ســـەر مرۆڤ بۆ دەرکەوتنی چالاکی و ڕەفتارەکانی.بۆیە ئێمە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ دەروون بکەین.((بەو مانایەی ئێمە ناتوانین ڕاســتەوخۆ هەســت بە دەروون بکەین، بەڵکو هەســت بە پاشــماوە و دەرکەوتەکانی دەکەین لەڕەفتارماندا.پاڵپشـــت بەمە زانســـتی دەروونناســـی لە دەروون ناکۆڵێتەوە بەڵکو لە دەرکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە)(یونس،٢٠٠٤،ص ١٨).

ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەروون پشتگوێ دەخات، بەڵکو زانستی دەروونناسی بۆ دەروون لە دەرکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە.واتە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و لێدەرچوونەکانی وەک خەون و ڕەفتــار و ...هتــد. هەمووی بنەمــایەکیــان هەیە و لە خۆوە نییە.ئەم بنەمــایەیە دەبێتە هۆی شــێوەگیربوونی کار و چالاکییەکانی مرۆڤ هەر ئەم توانایەی دەروونە وایکردووە، کە چەندین جۆری دەروونناســـی بێتە ئاراوە وەک دەروونناســـی ئاژەڵ و دەروونناســـی فیســـیۆلۆژی و ئابووری و سیاسـی...هتد، چونکە دەروون هەمیشـە لە درەوشـانەوەدایە بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە بوارەکانی دیکەوە هەبێت.

ئەدەب یەکێکە لەو بــابەتــانەی دەروون دەگرێتە خۆی.دەتوانین بڵێین دەروون وەک بنەمــا و جەوهەرە بۆ ئەدەب و هونەر تێگەیشــتن لەو بنەما دەروونییەی ئەدەبەکە هەیەتی تێگەیشــتنە لە ئەدەبەکە خۆی، لەلایەکی ترەوە تێگەیشــتنە لە خودی نووســەر.تێگەیشــتن لە کەســایەتی و باری دەروونی کەســایەتییەکان ئەوە تێگەیشــتنە لە نووســەرەکە، چونکە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی نووســەرەکەن و دەتوانین شــی بکەینەوە؛ بۆیە نزیک بوونەوەی زانســتی دەروونناســی لە دەقی ئەدەبی ئەوە نزیک بوونەوەیە لەخۆی، پێشتر گوتمان دەروونناسی لەسەر لێکەوتەکانی دەروون خۆی ڕێزبەنــد دەکــات.ئەمەش خۆی لەخۆیــدا نزیــک بوونەوەیە لە دەروون.بە دیوەکەی تردا گەیشــتنە بەو مانا شــاراوانەی لایەنی دەروونی دەقەکە بۆیە تێگەیشــتن لە مانا و ڕەهەندەکانی زانستی دەروونناسی تێگەیشتنە لە لایەنە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی.

هەر لە کۆنەوە هەست بە بوونی هێزێکی ڕووحی کراوە کە سەر بە جەستە نییە، بەڵام جەستە هۆکارە بۆ ئاشـــکرابوون و دەرکەوتنی ئەو هێزە ڕووحییە؛ هەر بۆیە زۆر لە فەیلەســـووفە کۆنەکانی یۆنان باســیان لەو هێزە ڕووحییە کردووە، وەک ســوکرات، کە ((ســروشــتی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ دوو بەش کە ئەوانیش بریتین لە ئەقڵ و ئارەزوو)) (الحلو،العكروتي، ٢٠٠٤،ص١٤).

هەروەها ئەفلاتوون دەروونی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ سێ بەشی جیاواز کە بریتین لە:

((١- دەروونی عاقڵ: کە جێگەی سەری مرۆڤە و نزیکە لە ئاسمانەوە.

٢- دەروونی توورە: جێگەی دڵە.

٣- دەروونی ئارەزوو پەرست: جێگەی ناوسک))(الحلو،العکروتي،٢٠٠٤،ص١٤).

ئەرستۆ دەروونی بۆ سێ بەش دابەشکردووە کە بریتین لە:

((١- دەروونی هەستی (نامی): کە بنەمای ژیان و خواردن و گەشەکردنە لە ڕووەکدا هەیە.

٢- دەروونی ئاژەڵی: کاری جوڵە و هەستکردنە کە لە ڕێگەی پێنج هەستەکەوە ئەنجامی دەدات.

٣- دەروونی قسەکەر: کاری بیرکردنەوەیە و لە مرۆڤدا هەیە))(الحلو،العکروتي،٢٠٠٤،ص١٥).

هەموو ئەم بیر و ڕایانە خۆیان لەوەدا کورت دەکەنەوە، کە دەروونناسی زانستێکە، کە لێکۆڵینەوە لە دەروون لە ڕێگای دەرکەوتەکانییەوە دەکات.جگە لەمانەش ((دەروونزانی ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە))(عزیز،٢٠١٤،ل٢٢).بە پێی ئەم پێناسەیە بێت تەنها لایەنی دەروونی دەگرێتەوە، کە ڕەفتارەکانی مرۆڤە؛ بۆیە ناتوانین وەک پێناسەیەکی گشتگیر مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی دەروونزانی چەند گۆڕانکارییەک بەسەر پێناسەکەیدا هات و گۆڕانی بەخۆوە بینی و چەندین پێناسەی نوێی بۆی خرایەڕوو.یەکێک لەوانە دەوونزانی (( ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە لە ئەنجامی ورووژێنەرەکان دەردەکەوێت و بە دوای پرۆسە مەعریفییەکانی و ئەزموونەکانیدا دەگەڕێت))(عزیز،٢٠١٤،ل٢٣).

لە زانستی دەروونزانیدا چوار ئامانجی سەرەکی هەیە، کە پێکدێن لە: یەکەم؛ تێگەیشتن، دووەم؛ دەستنیشانکردنی هۆکارەکان، سێیەم؛ پێشبینیکردن، چوارەم؛ کۆنترۆڵکردن، کە هەموو ئەمانە ئامانجە سەرەکییەکانی دەروونزانین لە کاتی شەنوکەوکردنی بابەتێکی دەروونی بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی.

بابەتێکی تر هەیە، کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەویش نەخۆشییە دەروونییەکانن، کە مرۆڤ تووشی دەبێت کاتێک مرۆڤێک تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت ئەوە پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاتێک کەسێک تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، ئەوە دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ خۆی و خێزانەکەی و وەک کەسێکی تاوانبار سەیردەکرێت؛ بۆیە لە کۆمەڵگەدا چەند بۆچوونێکی هەڵە هەیە،

که نەخۆشـی دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جنۆکە یان نەخۆشـی دەروونی چارەسـەری نییە یان نەخۆشـی دەروونی واتە شـێتی و یاخود بۆماوە بەرپرسـیارە لە نەخۆشـییەکە ئەمانە و چەندان بۆچوونی تری هەڵە لە کۆمەڵگەدا سەبارەت بە نەخۆشی دەروونی بوونی هەیە.

پێناسەی نەخۆشی دەروونی، ئەوەیە، کە دەوترێت ((نەخۆشی دەروونی شڵەژانێکی کردارییە لە کەسـایەتی مرۆڤ بە نیشـانەی جەسـتەیی و دەروونی جیاواز دەردەکەوێت وەک (دڵەڕاوکێ و وەسواس فۆبیا) و دروست بوونی گومان لە دەوروبەری بەبێ هیچ بەڵگەیەک))(عزیز،٢٠١٤،ل٢٨٠). هەندێکجار نەخۆش بە ناچاری دووچاری دووبارەکردنەوەی هەندێک ڕەفتار و کردار دەبێت کە ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.هەندێکجار بەشێک لە جەستەی پەکی دەکەوێت.ئەمانەی باسمان کرد لەسـەر نەخۆشـی دەروونی بوو بۆ ئاشـنابوونی بابەتەکە کە لە چوارچێوەی زانسـتی دەروونناسیدان بە گرینگمان زانی، کە ئاماژە بەو نەخۆشییە بکەین.

## ٢-٢ مێژووی سەرهەڵدانی دەروونناسی ئەدەب:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی دەروونناسـی ئەدەب ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەروونناسـی خۆی، چونکە سـەرهەڵدانی دەروونناسـی ئەدەب جیانابێتەوە لە مێژووی دەروونناسـی لەوکاتەی، کە زانای ئەڵمانی سـیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٨) هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەسـەر نەخۆشـییە دەمارییەکان.لە کاتێکدا گومانی ئەوەی کرد کە هەندێک نەخۆشـی هەیە هیچ پەیوەندییان بە جەسـتەوە نیە.لەکاتێکدا پزیشـکەکان چارەسـەرەکانیان لە ڕێگەی جەسـتەی نەخۆشـەوەبوو.فرۆید ((لە سـەرەتاکانی کارەکەیدا خۆی وەک پسـپۆڕێکی بواری عەسـاب دەناسـاند بەڵام زۆر زوو بۆی دەرکەوت ئەو فێرکردنانەی کە لە پاریس بینیبووی دەتوانرێت چارەسەری زۆر نەخۆشی پێ بکرێت)(فرۆید،٢٠٠٧،ل٢٢).

فرۆید، کە زیاتر لەسـەر کارەکەی خۆی قوڵبووەوە بۆی دەرکەوت، کە ((ئەو نەخۆشـانەی تووشی هستری hysterics هاتبوون تیۆرییەکەی ئەوەبوو، کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم نەخۆشانە شـتێکە پەیوەندی بە دەروونەوە هەیە نەک جەسـتە) (بریسـلێر،٢٠٠٧،ل١٧١).لەوکاتەوە فرۆید هەوڵەکـانی خۆی چڕ کردەوە و بۆ هەر ڕاوبۆچوونێکی خۆی بەڵگەی دەهێنـایەوە، تـاکوو ناوچەیەکی لە مرۆڤدا جیاکردەوە و ناوی لێنا (نەست) unconscious بەتەواوی لە (هەست)ی جیاکردەوە.فرۆید هەر بە تەنیا لە نەخۆشـەکانی خۆی نەدەکۆڵییەوە بەڵکوو دەسـتی دابووە لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەلان و بە شوێن تیۆرەکەی خۆیدا دەگەڕا لە داب و نەریتی گەلاندا.

((ئەگەر ئەم تیۆرییە ڕاست بێت کە نەتەوە و هۆز و نیمچە هۆزەکان لەم چەشنەن و هەروەها بتوانین داوەرییان لەسەر بکەین و بیسەلمێنین کە ژیانی دەروونی ئەوان یەک لەم دەرکەوتننانەی پێشووبێت کە تەواوکەری ژیانی دەروونی ئێمەن و وەک خۆی بەبێ دەست تێوەردان پارێزراوە)(فرۆید،٢٠٠٥،ل٢٢).

فرۆید باوەڕی وابوو، کە مرۆڤی کۆن و مرۆڤی نوێ هیچیان خاڵی نین لە سایکۆلۆژیا هەر یەکێکیان بە جۆرێک دەردەکەوێت لە کات و ژینگەی خۆیدا.ئەم هەوڵەشی بۆ ئەوەبوو کە ڕەگی باوەڕەکانی خۆی بدۆزێتەوە لە ناو مێژووی گەلە سەرەتاییەکاندا.هەروەها بێجگە لەمەش هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر ئەفسانە و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی لایەنی دەروونی لەنێو ڕووداوەکاندا.وەک لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی ئۆدیبی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانی. ((ئێمە بەڕێگەی پاشماوە و ئامراز و کەرەستە و بەرهەمە هونەرییەکان و ئایدۆلۆژیا وئاییزا، کە لە مرۆڤەکانی پێش مێژوو بۆمان بەجێماوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆکی جنۆکە و پەرییەکان لێیان ئاگاداربووین و لەئاکامدا بە ڕێگەی ئاسەوارەکانی شێوازی تێڕامانی ئەوانەوە کە لە خودی داب و نەریتی ئێمەدا بەجێماوە شارەزای هەوراز و نشێوەکانی ژیانیان دەبین))(فرۆید،٢٠٠٥،ل٢٢)

ئەم هەوڵەی فۆرید، کە ئاوڕدانەوە لە ئەفسانە و چیرۆکە کۆنەکان و ئەدەبی کۆنی گەلان. دەتوانین بە سەرەتاکانی مێژووی دەروونناسی ئەدەبی هەژمار بکەین.چونکە فرۆید لەم هەوڵ و کارانەیدا دەرگای لەسەر ئاوێزان بوونی دەروونناسی و ئەدەب کردەوە.بەم کارەی بەردی بناغەی دەروونشیکاری ئەدەبی دانا و ڕێگەی خۆشکرد بۆ توێژەرانی دوای خۆی کە ئەم شێوازە وەک قوتابخانەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ناوزەند بکەن.بەو مانایە کاری ئەدەبی مەیدانێکە کە ئەدیب و هونەرمەند تێیدا باری دەروونی خۆیان لەو کارەدا دەردەبڕن و دایدەڕێژن لە شێوەی کەسایەتی و ڕووداو گێڕانەوە و.....هتد.

بەم شێوازە دەروونناسی و ئەدەب وەک دوو ڕووباری گەورە تێکەڵ بەیەکتر بوون.فرۆید لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر کارە نەستییەکانی مرۆڤ، کە ئەنجامی دەدا، دواتر دەهات ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەناو ئەدەبدا درێژدەکردەوە بۆ دڵنیای و زیاتر دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی نەستی مرۆڤ بە گشتی وەک ((لێکدانەوەی خەونەکان١٩٠٠، دەروونشیکاری نەخۆشی ژیانی ڕۆژانەم ١٩٠١، سێ نامە لە تیۆرەی سێکس ١٩٠٥))(روکلن،١٩٧٨،ص١٠٤).

پاشـــان چوو بۆ لێکدانەوەی خەونەکان. هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەســـەر ڕۆمانی ((گرادیفا ئەم هەوڵەی یەکەمین هەوڵی گرینـگ و دانســـقەی بوو لەم بوارەدا.زیـاتر لەمەش هەوڵێکی ناوازەبوو سەبارەت بە لێکدانەوەی دەروونشیکاریانەی بۆ کاری ئەدەبی و هونەری)(فروید،١٩٨١).

فرۆید چەند هەوڵێکی گرینگیدا بۆ شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکان لەوانەش (هاملێت)ی شکسپیر و دۆستۆیڤسکی و لیۆناردۆ داڤینشی هەموو ئەم هەوڵانە بووە ڕێگا خۆشکەر بۆ ئەم ڕەوتە لە دەروونشیکاری ئەدەبیدا.مەیدانێکی گەورە هاتە ئاراوە، کە پاش فرۆید درێژەیان بەم ڕەوتە دا و هەندێکیان بۆ زیاد کرد و هەندێکیان ڕەتکردەوە و یەکێک لەوانەش کارڵ گۆســـتاف یۆنگ، کە ((ئەوەی قبوڵ بووڵ بوو کە ناخود ئاگا (نەست) لە بڕیارِدانی (هەست)خود ئاگای ئێمەدا بوونی هەیە))(برێسلێر،٢٠٠٧،ل١٧٧).

یۆنگ هەر بەوەندە نەوەستا دەروونی مرۆڤی دابەشکردە سەر سێ ناوچەی جیاواز کە بریتین لە (هەســـت و نەســـتی تاک و نەســـتی کۆ ( collective anconscioys) دوای ئەم زانایە (نورترۆپ فراییە)، کە ســـاڵی ١٩٥٧ بەرهەمەکەی خۆی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی anat-omy of criticismئەنەتۆمی ڕەخنە بە گشـتی بیروڕاکانی خۆی لەســـەر ئەدەب چڕکردەوە.دواتر لە پاڵ ئەمانیشدا (ژاک لاکان)ی فەرەنسی هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر کاری ئەدەبی و ئەم قوتابخانەیەیان زیاتر بەرەو پێش برد.

ئێمە لە ســەرەتادا دەبێت، ڕێڕەوی خۆمان دەسـتنیشـان بکەین، کە مەبەسـتمان لە دەروون، کام ڕوانینە بۆ (دەروون) بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەناو مرۆڤدا، ئێمە دەکەوینە ناو کۆمەڵێک ڕێباز و قوتابخانەی جیاوازەوە، کە ڕوانینی جیاوازیان هەیە ســـەبارەت بە دەروون.وەک قوتابخانەی (gestalt)، یان دەروونزانی گشتی، یان قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی psychonalyis) shool)، لەبەرئەوەی کارەکەی ئێمە لە بنەڕەتەوە وابەستەیە بە شیکردنەوەی دەروونی ئەدەب. بەم شـێوەیە ئێمە پەیڕەوی لە قوتابخانەی شـیکردنەوەی دەروونی دەکەین.بە پشـت بەسـتن بە چەمکە زانستی و دەروونییەکانی ئەم قوتابخانەیە، چونکە کە دەڵێین شیکردنەوەی دەروونی بە ومـانـایەیە ئەو بـابەتەی لەبەر دەســـتی ئێمەدایە ڕۆمـانە، بە شـــوێن ڕەهەنـدە دەروونی و سایکۆلۆژییەکەیدا دەگەڕێین و مەبەستمانە ئەو دەقە شیبکەینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو بەشە شاراوەیەی، کە لە دەروونەوە سەرچاوەکەی هەڵقوڵاوە، ((چونکە ئەوەی ڕاستی بێت ئەو قوتـابخـانەیە کـاریگەری زۆری هەبووە بەتـایبەتی لە بواری هونەر و ئەدەب و کۆمەڵنـاســـی وئایین))(علی،٢٠٠٧،ل٢٦).لە ناو ئەم قوتابخانەیەشـــدا چەندین زانای گەورە کاریان کردووە، کە ڕوانینیان تا ڕادەیەک جیاوازە لەسەر دەروونی مرۆڤ بە گشتی لەو زانایانەش یەکەم ڕابەڕیان سیگمۆند فرۆیدە پاشان فریدریک ئەدڵەر و سولیفان و کارڵ گۆستاف یۆنگ و هۆرنای بوو.

بەڵام هەرە دیارترینیان (فرۆید و ئەدلەر و یۆنگن)، لێرەدا باسێکی کورتی ئەم سێ زانایە دەکەین، چونکە یۆنگ و ئەدلەر هەردووکیان قوتابی فرۆید بوون، دواتر یۆنگ لە ساڵی ١٩١١ لە فرۆید دوورکەوتەوە، بە هەمان شێوە ئەدلەر ساڵی ١٩١٢ ئەویش لە فرۆید دوورکەوتەوە و وازی لێهێنا، قوتابخانەیەکی تایبەتی بە ناوی دەروونزانی تاک دامەزراند.

## ٢-٣ ڕابەرانی دەروونناسی:

### ٢-٣-١ سیگمۆند فرۆید sigmund freud

فرۆید ساڵی (١٨٧٢) چووە کۆلێژی پزیشکی و بە هیوای ئەوەی ببێتە زانا هەرچەندە حەزی لە پزیشکی نەبوو، بەڵام سەختی ژیان و گوزەرانی وایکرد بە ناچاری ئەم ڕێگایە هەڵبژێرێت. هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر کۆئەندامی دەمار و هەستی دەکرد ئەم نەخۆشیانە وابەستەن بەلایەنێکی ترەوە.ئەم هەستەی خۆی هێشتەوە تا ئەو کاتەی سەردانی فەڕەنسای کرد و ((لەشاری پاریس لەسەر دەستی زانا و پزیشکی بلیمەت (شارکۆت)زیاتر فێرببێت.فرۆید بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ شارکۆت کاریکرد، سەیری کرد شارکۆت لە ڕێگای خەواندنی موگناتیسییەوە چارەسەری نەخۆشی هیستریا دەکات))(قەرەچەتانی،٢٠٠٣،ل٧٢).

ئەم شێوازەی شارکۆت فرۆیدی زیاتر هاندا، کە باوەڕی بەو هەستەی خۆی هەبێت، بەوەی مەرج نییە هەموو نەخۆشییەکانی مرۆڤ هەر هی جەستەبن، بەڵکو بەشێکی زۆری نەخۆشی، کە لەسەر جەستە ڕوودەدەن پەیوەندی هەیە، بە باری دەروونی نەخۆشەوە، نەک جەستەی. پاشان فرۆید لەگەڵ (برۆید)ی هاوڕێی لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو، کاتێک سەرنجیدا، برۆید نەخۆشێکی هەیە، تووشی هیستریا بووە. برۆید بە ڕێگەی خەواندنی موگناتیسی چارەسەری بۆ کردبوو، فرۆید دواتر((شێوازێکی نوێی داهێنا ئەویش شیکردنەوەی دەروون بوو کاتێک نەخۆشەکانی درێژ دەکرد و لەپشتی دادەنیشت نەخۆشەکە ئەمی نەدەدیت یەکەمجار پرسیاری لەسەر نەخۆشییەکە لێدەکرد.پاشان دەچووە ناو وردەکارییەکانی ژیانییەوە))(بیدس،١٩٨٦،ص١٠).

ئەم شێوازە تا ئەمڕۆش لە چارەسەرکردن بە ڕێگەی شیکردنەوەی دەروون بەردەوامە و پزیشکەکانی ئەم بوارە پەیڕەوی ئەم ڕێبازەن لە چارەسەرکردن.دواتر لە ساڵی(١٨٩٣) لەگەڵ برۆید توێژینەوەیەکیان بڵاوکردەوە دوای ئەمەش بە دوو ساڵ (توێژینەوەی هیستریا)یان بڵاوکردەوە، ئەم هەوڵانە بۆ فرۆید وێنەیەکی باش بوو بۆ هەستکردن بە لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ تا ساڵی ١٩٠٠ کتێبە بە نرخەکەی بڵاوکردەوە بە ناوی (لێکدانەوەی خەونەکان)، کە دیاردەی خەونی خستە ناو تاقیکردنەوەکانی خۆیەوە و توانی پۆلینی خەون بکات بەپێی باری جەستەیی و سایکۆلۆژی مرۆڤ.

ئەم بەرهەمە بووە بەردی بناغەی زۆر کاری تری فرۆید کاتێک لەســەر کایە و ڕووبەری تری توێژینەوە بە ئەنجامی دەگەیاند.فرۆید کاتێک خەریکی لێکۆلینەوەکانی بوو، کۆمەڵێک چەمکی تازەی دۆزیەوە و دایهێنا ((وەک چەمکی نەســت(الاشــعور) و پێش هەســت (قبل الشــعور) و بایەخێکی زۆری بەلایەنی سێکسی دا بەتایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا))(عەلی،٢٠٠٨ل٢٥).

بەشــێوازێکی گشــتی تیۆر و بنەمای کارەکانی فرۆید جەختی لەســەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرد:

١- بایەخێکی زۆری بە لایەنی بایۆلۆژی دا و هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیرییەکانی مرۆڤی پشتگوێ خست.

٢- قۆناغی یەکەمی پێنج ساڵی ژیانی مرۆڤی کردە بنەمای پێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤ، کە ئایا چ ڕێگەیەک بگرێتەبەر.هەروەها ئەم قۆناغەی بە گرینگ زانی لە دەرکەوتنی نەخۆشــییە دەروونیەکان.

٣- دەروونی مرۆڤی دابەشکردە سەر هەست و پێش هەست و نەست.هەروەها لایەنی نەستی مرۆڤی کردە یەکەمین هۆکاری نەخۆشییە دەروونیەکان بە گشتی.

٤- گرینگیدان بە وزەی سێکس لە مرۆڤدا و کاریگەری لەسەر نەخۆشییە دەروونیەکان هەروەها زۆر گرینگی دا بە هێزی شەڕانی لە مرۆڤدا.

٥- گەشەی دەروونی مرۆڤی دابەشکردە سەر چوار قۆناغ یەکەمیان قۆناغی کەڕی کە لە ساڵی یەکەمی تەمەنی مرۆڤدایە، دووەم قۆناغ قۆناغی کەســایەتیە ئەویش لە ســاڵانی دووەم و سێیەمدایە، قۆناغی سێیەم قۆناغی ئۆدیبە و لە ساڵانی چوارەم وپێنجەمدایە، قۆناغی چوارەمیش لە ساڵانی شەشەم و حەوتەمی ژیانی مرۆڤدایە))(الداهری،١٩٩٩،ص٧٤).

## ٢-٣-٢ کارڵ گۆستاڤ یۆنگ carl jung

یۆنگ ســەر بە هەمان زانســتی دەروونشــیکارییە لە قوتابخانەکانی دەروونناســیدا و نزیکترین کەس و قوتابی فرۆید بوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە یۆنگ خاوەنی ڕوانین و تیۆرەی خۆی نەبووبێت، بەڵکو یۆنگ لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە زۆرێک لە ڕایەکانی فرۆید بوو، بەڵام بۆ خۆشــی تا ســاڵانی ١٩١٤ بەیەکجاری جیابۆوە و بووە خاوەنی ڕێبازێکی تر لە ســنووری ئەم قوتابخانەیەدا.هەرچی فرۆید بوو قۆناغەکانی مناڵی مرۆڤی کردە بنەما بۆ کەســـایەتی مرۆڤ و نەســـتی بە تاکە هۆکار زانی لەکرداردا، بەڵام یۆنگ زۆر دورتر ڕۆشـــت و قوڵتر ســـەیری بابەتەکانی کرد و چەمکی (نەستی کۆ)ی هێنایە ئاراوە، کە هەموو مرۆڤایەتی تیایدا بەشدارن.

یۆنگ ســـەیری کرد مرۆڤ کە لە دایک دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک هێزی جیاجیایە و بە ڕێگەی بۆماوەیی لە باو و باپیرانیەوە بۆی ماوەتەوە.ئەمەش بە شێوەیەکی بەشەکی ئاڕاستەی کرداری مرۆڤ دەکات.یۆنگ بە تەنها ڕازی نەبوو بەوەی ڕابردوو ئامادەگی هەیە لە کرداردا، هەروەک فرۆید ڕای وابوو، بەڵکو ڕوانی کرداری مرۆڤ هەر دەرکەوتەیەک نییە لە مێژووی تاکەکەسی، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو مەبەســـت و ئامانجانەی تاک هەیەتی بۆ ئایندەی خۆی هەروەک دەڵێـت: ((مرۆڤ مەبەســـت و خولیـاکـان ئـاڕاســـتەی دەکەن وەک لە هۆ و کاریگەرییەکان))(المليجي،٢٠٠١،ص١٢١). بە مانایەکی تر مرۆڤ کاتێک لە ژیانی خۆیدا بەرنامەیەک دادەنێت بۆ ژیانی و کۆمەڵێک مەبەســـت و ئامانج هەیە، کە دەیەوێت لە ئایندەدا پێی بگات.ئەو مەبەست و ئامانجانە هەڵسوکەوت و چۆنایەتی ژیان و بیرکردنەوەی ئاڕاستە دەکەن و دیاری دەکەن.وەک لەوەی مرۆڤ بەهۆی هۆکارەکانی ژیانەوەی ناچارە شـتانێک بکات، کە بەڕاسـتی بۆماوەیەکی دیاریکراو بەپێی ئەو دۆخەیە کە تێی کەوتووە، هەرچی ئامانج و خولیاکانە درێژ مەودان و مرۆڤ بەپێی ئەو مەبەستە شتەکانی ژیانی ڕێک دەخات.ئەمەش هۆکاری ئایندەیە لە کـاریگەربوونی بۆ ســـەر خودی مرۆڤ، کە پێش یۆنـگ کەس پەی پێ نەبردبوو، یۆنـگ لە تیۆرەکەی خۆیدا دەروون دابەش دەکاتە سێ قۆناغ:

١- هەست (ئاگایی): بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی (من)ی دەزانێت و پەیوەندییەکی بەتینی بە نەستی تاکەکەسییەوە هەیە.

٢- نەســتی تاکەکەســی: ئەم بەشــە لە دەروون زۆر کاریگەرە لە خەونەکانی مرۆڤدا و گرێی دەروونی لێرەوە پەیدا دەبێت.هەروەها هەموو ئەو یادەوەری و هەســت و سـۆزە چەپێنراوەکان دەگرێتەخۆی جگە لە ڕەمەکە سێکسیەکان کە فرۆید باسی کردوون.

٣- نەستی کۆ: ئەم بەشە ئەو چەمکە گرنگەیە کە (یۆنگ) دایهێنا.بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوەیی لە (تەرزە ســـەرەتاییەکان) کە ئەم تەرزانە ((بریتین لە چەند خوو و ڕەفتارێک کە مرۆڤ لە پەروەردەوە فێریان نەبووە و باڵیشیان کێشاوە بە زۆر لایەنی ژیانی دەروونییاندا.ئەم تەرزانە فۆرم و شـــێوەی دیاریکراوی خۆیانیان نیە، بەڵکو وەکو پرەنســـیپی ڕێکخەر و ئاڕاســـتەکەر کاردەکەن))(یۆنگ،٢٠٠٥،ل١٥).

(نەستی کۆ) یۆنگ دابەشی دەکاتە سەر کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاجیا، ئەوانیش (ماسک،ئەنیما و ئەنیمۆس، سێبەر،خود)، کە هەر یەکێک لەمانە گوزاشت لە حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکات.

## ٢-٣-٣ ئاڵفرێد ئادڵەر Alfred adler

ئاڵفرێد ئادڵەر یەکێک بوو، لە دامەزرێنەرانی زانســـتی دەروونشـــیکاری لە ڤیەننا و پاشـــانیش سەرۆکی ئەم دەستەیە بوو، لەگەڵ فرۆید لە نێوان ساڵانی (١٩٠٢-١٩١١) کاری دەکرد، بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە، جیاوازی گەورە کەوتە نێوان ئادڵەر و فرۆید و تا گەیشتە ئەوەی وازی هێنا لە دەستە و بۆ خۆی تیۆرەکانی پەرەپێدا و سایکۆلۆژیای تاکی دامەزراند.لەڕاستیدا ناوی ئادڵەر هەر لە زانستی دەروونشیکاریدا نیە، بەڵکو لە بوارەکانی زانست و تاواناناسی و دەرمانیشدا ناوی هەیە.ئادڵەر کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر زانستی دەروونشیکاری ئەمریکی ((ئادڵەر هەستی خۆ بەکەمزانی کردە بنەماکارەکانی))(بیدس،١٩٨٦،ص١٦٠)، لە ڕاستیدا ئەم زانایە باوەڕی بەوە هەبوو کە مرۆڤ هەر لە ســـەرەتاوە کائینێکی کۆمەڵایەتییە و ئەم کۆمەڵایەتیبوونەی وادەکات مرۆڤەکان ببەسترێن بەیەکترەوە هەروەک لە باسی منداڵدا دەڵێت:((منداڵ لە سەرەتادا بەدوای نواندنی خۆشـــەویســـتی و ڕاکێشـــانی خۆشـــەویســـتی ئەوانی تر و نزیک بوونەوە لە گەورەکان، پیشـــان ئەدات کە هەســـتی کۆمەڵایەتی بوون بە شـــێوەیەکی خودی یان ڕەمەکیانە لەبوونیدا هەیە))(ئادڵەر،٢٠٠٨،ل٥٩).

ئادڵەر بۆیە مرۆڤ دەبەســـتێتەوە بە کۆمەڵگاوە، چونکە باوەڕیشـــی وەهایە کە هەر کێشـــەیەک لەنـاو دەروونی مرۆڤـدا ســـــەر هەڵـدەدات و وادەکـات مرۆڤ دەروونێکی لاوازی هەبێت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیت وەک یەکەمین وێستگەی ژیانی ((ئەبێت لە یادمان بێت کە تەواوی منداڵان لە ژیاندا دووچاری (ڕق) ئەبنەوە چونکە هەســـتی هاریکاری کەمتر لە ژینگەی خێزاندا ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم هەستە و تاک بوونەوەرێکی هەڵواسراوی لێ دروست ئەبێت))(ئادڵەر،٢٠٠٨،ل٩٤).

تەنانەت هەست کردن بە خۆبەکەمزانی سەرەتا مرۆڤ لەناو ژینگەکەیەوە بۆی دروست دەبێت کاتێک هەســـت بە غەریبی و تەنیایی دەکات لەناو دەوروبەرەکەیدا ورده ورده ئەم هەســـتە گەورە دەبێت تا لە قۆناغەکانی تردا گۆڕانی بەســەردا دێت و دەگۆڕێت بۆ شـتی تر وەک (ڕق، خۆشەویستی، هێز....هتد).

ئادلەر بۆ دابەشـکردنی کەسـایەتی تاک زۆر جەختی کردەوە لەســەر قۆناغەکانی منداڵی ژیانی مرۆڤ و ئەم قۆناغانەی بە بنەڕەترین هۆکارەکانی زانی بۆ سـەر تەندروسـتی دەروونی مرۆڤ و سێ ڕێگای دیاریکرد لە ژیانی منداڵیدا:

١- گەڕانەوە بۆ ئەزمونەکانی منداڵی.

٢- شیکردنەوەی خەونەکان

٣- بەدوایەکدا هاتنی لەدایک بوون. (المليجي،٢٠٠١،ص٩٧)

هەموو ئەم خاڵانە کاریگەری گەورەیان لەســەر دەروونی مرۆڤ هەیە، چونکە ((ئامانجی ژیانی هەر تاکێک لەســــەر بنەمای خۆ بەکەم زانین، کەم هێنان و نا هێمنایەتی دیاری ئەکرێت منداڵ هەر لەســەرەتاوە مەیلی ئەوەی هەیە کە ئەوانی تر گرینگی پێ بدەن ســەرنج و بڕوای دایک و باوکی بۆ خۆی ڕابکێشێت))(ئادلەر،٢٠٠٨،ل٩٧).

ئادلەر زۆر بایەخ بە پەروەردە و قوتابخانە و کۆمەڵگا دەدات.کە دەبێت لە منداڵیدا ژینگەیەکی خـاوێن و کـاملی بۆ فەراهەم بکرێـت، چونکە گەر ئەو چـاوەڕوانییـانەی منـداڵ هەیەتی لە دەوروبەرەکەی بۆی دابین نەکرێت، ئەوا ئەو مرۆڤە دەچێتەوە ناوخۆی و هەســت بەوە دەکات گرنگی پێنادرێت و تووشــی کێشــەی دەروونی گەورە دەبێت.دواتر ئەم هەســتە وەک هێزێک مرۆڤ ئاڕاســـتە دەکات و ئەوەی مرۆڤ لە ژیاندا دەیکات هەمووی لە ئەنجامی پەرچەکردار یاخود کاردانەوەی ئەم هەستەیە.لەم بارەشدا مرۆڤ هەمیشە بەرکارە و کارانیە، چونکە هەموو کردەوە و ژیانی بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو هێزانەی برینداریان کردووە لەسەرەتاوە، بەمەش نازانین مرۆڤ لە خودی خۆیدا هەڵگری چ مانایەکە.

## بەشی سێیەم: ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (بەندەر فەیلی بەختیار عەلی)دا

### ٣-١ لایەنی ئەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا

#### ٣-١-١ گەشبینی:

بە لایەنێکی ئەرێنی دەروونی مرۆڤ دادەندرێت، مرۆڤی گەشبین هەمیشە هەست بە بەختەوەری دەکات لە ژیاندا و هێز و توانایەکی باشی هەیە بۆ ئەوەی بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بێت و چۆک دانەدات بەرامبەر بە ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیان.واتە گەشبینی ورە بەرنەدانە و ملکەچ نەبوونە بۆ ئەو ناخۆشیانەی دێنە پێش. کەسی گەشبین هەمیشە ئامانجێکی هەیە هەوڵی بۆ دەدات.

(بەندەر فەیلی) کەسایەتییەکی جیاوازی هەبوو لە تەمەنی منداڵیدا گەشبینییەکی زۆری تێدابوو، بەڵام بەپێی ڕووداوەکان و گەورەبوونی تەمەنی گەشبینی لە بەندەردا بەرەو کزبوون دەچوو. بەڵام بەندەر زۆرکات گەشبینییەکی زۆری بۆ ژیان و باروودۆخۆی خۆی هەبوو، بە گەشبینییەوە دەیڕوانییە داهاتوو.لەو کاتەی کە (بەندەر) سەبارەت بە ژیانی خۆی و (نەدا بوستانی) و هەڵهاتنی لە زیندان بۆ ئەوەی زەماوەند لەگەڵ (نەدا) ئەنجامبدات، بە هاوڕێکەی دەڵێت: ((نەدا دەدۆزمەوە و زەماوەند دەکەین، ئیتر وەک کەسێکی ئاسایی دەژیم، وەک هەر بەشەرێکی تر کە خانوویان هەیە و دەچنە ناو ژوورەکانەوە))(بەندەر فەیلی ، ل٣٢٢)

#### ٣-١-٢ دڵخۆشی:

دەکرێت بڵێین دڵخۆشی بەشێکە لە بەختەوەری، لە کاتی دڵخۆشی مرۆڤ هەست بە ئارامی دەکات و هەر تاکێک لە ئێمە بۆ تەنها ساتێکیش بێت هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکات لە ژیاندا.کەسانی دڵخۆش لە ڕابردوو ناژین، نیگەرانی داهاتووش نابن، بەڵکو لە ئێستادا دەژین، بۆ ئەو ساتە تێدەکۆشێت کە تێیدا دەژێت.هەڵەکانی ڕابردووش وەک ئەزمونی ژیان سەیر دەکات. هەر مرۆڤێک بەهۆی هەبوونی شتانێک لە ژیاندا هەست بە دڵخۆشی دەکات.بۆ نموونە من لە کاتی خوێندنەوەی کتێب هەست بە دڵخۆشی دەکەم سەیرکردنی یاری تۆپی پێ و گەشتکردن و زۆر شتی تر دەبنە هۆی دڵخۆشیم لەوانەیە زۆر شتی سادەبن بۆ کەسانی تر بۆیە پێوەری دڵخۆشی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەبوونی (ئاسایش ، شوێنی نیشتەجێبوون، هەلی کارکردن، خوێندن، تەندروستی ....) هۆکارن بۆ دڵخۆشکردنی مرۆڤ.

هەندێک کات مرۆڤ دڵخۆشـــی خۆی بە کەســـێکەوە دەبەســـتێتەوە کاتێ ئەو کەســـە دەبێتە هۆکارێک بۆ دڵخۆشـبوونی و بەهۆی زۆری خۆشـەویسـتییەوە دەیکاتە سـەرچاوەی دڵخۆشـی خۆی. هەروەک (بەندەر) ( نەدا) بە سەرچاوەی دڵخۆشبوونی خۆی دەزانێت و پێی دەڵێت: ((بەم قســـانە دڵخۆش دەبم، ناتوانیت تێبگەیت ئێســـتا چەند شـــادومانم.منیش تا مردن دەوەســـتم و چاوەڕێدەکەم بۆ ئەوەی لەو دونیا بەیەک بگەین))(بەندەرفەیلی ، ل٣١٥).

### ٣-١-٣ هیوا:

هیوا لایەنێکی دەروونی مرۆڤە، کە تاک بەرەو ئامانجەکانی ئاڕاســـتە دەکات و وای لێ دەکات توانای بەرگری و فشـارەکانی ژیانی هەبێت و بەردەوامی بە ژیان بدات.هۆکارێکیشـە بۆ ئەوەی مرۆڤ توانای خۆ گونجاندنی هەبێت لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت.زۆرجار کەسـێک بۆ کەسـێکی تر دەبێتە هیوایەک تا لە تاریکی یان لە ناخۆشـــیەک رزگاری بکات.وای لێ دەکات کە کۆڵنەدات و نەڕوخێت.

(بەندەر) کاتێک (نەوفەل) دەناســـێت و دەبێت بە هاوڕێی و( نەوفەل) زۆر ئاگاداری (بەندەر) دەبێت، دەیپارێزێت و هەمیشـــە لە نزیک (بەندەر) دەبێت؛ بۆیە (بەندەر) هیوایەکی زۆری بە (نەوفەل) هەبوو، کە هەمیشـــە ئاگاداری دەبێت و ناهێڵێت هیچ شـتێک (بەندەر) بترسـێنێت.بۆیە (نەوفەل) کاتێک بە( بەندەر) دەڵێت دەڕۆم بەندەر ئەو هیوایەی کە بە نەوفەلی هەیە بۆ نەوفەلی دەردەخات نەوفەڵ دەڵێت: ((بەس بگری، پێویست ناکات بۆ من بگریت.وەک دەبینی ناتوانم زۆر شـــتت بۆ بکەم... لێرەبم و لێرە نەبم، ناتوانم زۆر شـــت بۆ تۆ بکەم، ئینجا بەس بیر لە خۆت مەکەرەوە) بەندەریش لە وەڵامدا دەڵێت:(با دەتوانیت زۆر شـــت بکەیت، کاتێ تۆ لێرەیت من ناترسم، ناترسم، ئەوە زۆر شتە))(بەندەر فەیلی ، ل٢٠٢)

زۆرجار مرۆڤ لەکاتی ناخۆشیدا دەبێت خۆی هیوا بۆ خۆی دروست بکات.هۆکارێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هیوایەکی هەبێت بۆ دەرباز بوون لەو بارودۆخەی تێیدایە هەروەک بەندەر کە هیوای بۆ خۆی دروســـت دەکرد کە هەوڵی دەدا بچێتە دەرەوە لە زیندان و بچێت بۆ لای نەدا چونکە پێی وابوو کە نەدا چاوەڕوانی ئەو دەکات و دەیگوت: ((نەدا ئازاد دەبێت، منیش دەبێت لێرە بچمە دەرێ، نابێت زۆر چاوەڕوانم بکات))(بەندەر فەیلی ، ل٣٢٠).

### ٣-١-٤ خۆشەویستی:

خۆشەویستی بریتییە لە دروست بوونی هەستێکی ناوەکی سەرسوڕهێنەر بۆ کەسێک یان شتێک یان ئاژەڵێک یان هەر شتێکی تر بێت وەک خۆشەویستی بەرامبەر بە خێزان یان خۆشەویستی بۆ وڵات ... هتد .

خۆشەویستی یەکێکە لە خۆراکە ڕوحیەکانی مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی لە ژیان پێویستە، کە لە ئەنجامی سەرنج ڕاکێشانی کەسی بەرامبەر دێتە ئاراوە، کە لە ڕوخساری یان ڕەفتار و گوفتاری یان هەر شتێکی تری کە بەدڵی دەبێت خۆشەویستی بۆ دروست دەبێت.لە ڕووی زانستییەوە لەو کاتەدا هۆڕمۆنی خۆشەویستی لە بەشی دواوەی ژێرمێشکە ڕژێن بەرهەم دێت و دەڕژێتە خوێن، ناوە زانستییەکەی "ئۆکسیتۆسین"ە، پێشی دەگوترێت "هۆڕمۆنی خۆشەویستی"، چونکە بە توندی بەستراوە بە هەستی خۆشەویستی و سۆزدارییەوە.مێشک هەڵدەستێت بە دەردانی ئەم هۆڕمۆنە لە کاتە ڕۆمانسی و پەیوەندییە سۆزدارییەکان و لە کاتی دروستکردنی پەیوەندی نوێ، هەروەها لە ئافرەتان لە کاتی منداڵبوون و شیرپێدان بڕێکی زۆر لەم هۆڕمۆنە بەرهەمدێت لە جەستەی دایک و منداڵەکە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەوی خۆشەویستی لە نێوانیاندا، بۆیە ناوێکی تری ئەم هۆڕمۆنە بریتییە لە هۆڕمۆنی لێکنەر(بەستەر). هۆگری دروست دەکات لە نێوانیان، هەر وەک مەحموود دەروێش دەڵێت:(ئەگەر پاریس هەموو عەترەکانی خۆی بگوشێتە نێو شوشەیەکەوە، ناگاتە بۆنی ئەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت).

نووسەر لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکە باسی خۆشەویستی دەکات لە شوێنێکدا دەڵێت: ((مرۆڤ کاتێک یەکێکی خۆشدەوێت دەیەوێت شتێکی بە نرخی پێشکەش بکات، ژیانیش بە نرخترین شتێکە بتوانیت پێشکەش بە کەسێکی بکەیت))(بەندەر فەیلی ، ل٩٧).

لە شوێنێکی تردا لە زاری بەندەرەوە وەسفی خۆشەویستی بە غەریزەیەکی حەیوانی و نەخۆشی وەسف دەکات و بەندەر دەڵێت: ((من نەخۆشم، تووشی نەخۆشی بووم، من ساغ نیم. یوسرا خان دەیگوت غەریزەیەکی حەیوانی هەیە کە ناوی خۆشەویستییە، خەتای ئەوەیە))(بەندەر فەیلی ، ل٣١٣).

**٣-١-٥ ئارامی:**

ئارامی بە لایەنێکی دەروونی مرۆڤ دادەندرێت، دەبێتە هۆی ئاسـودەیی و حەسـانەوە و خۆشـگوزەرانی لە ژیان. ((ئارامی بریتییە لە هەسـتکردنی تاک بە دڵنیایی و ئارامی بوونی هاوپەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەموو لایەنەکانی (جەسـتەی و دەروونی و کۆمەڵایەتی) و کارامەیی و لێهاتوویی ئەو مرۆڤەیە بۆ خۆسـازدان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و توانای ئەوەی هەبێت بەرەنگاری گرفت و ناخۆشـییەکانی ژیان ببێتەوە هەسـت بە چالاکی و نەبەزی خۆی بکات ))(قەرەچەتانی ، ٢٠١٠ ، ل١٢).

(بەندەر) کاتێک، کە دووبارە دەسـتگیر دەکرێتەوە کە بۆ جاری دووەمە لە دەرەوەی زیندان بەندەر دەستگیردەکەنەوە، بۆیە زۆر ئازار دەکێشێت و دەترسێت کە دووبارە دەیبەنەوە هەمان زیندان و هەمان جێگا، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی ئارام بکاتەوە و ئەو ترسـە لەخۆی بکاتە دەرەوە بەخۆی دەڵێت: ((ئارامت بێت.هیچ شتێکت لێ ناکەن زیاتر لەوەی بینیوتە))(بەندەر فەیلی ، ل٣٥٠).

کاتێک کە فەرمانی بەندکردنی بەندەر دێت، کە بیخەنە تاک ژوورییەکەوە و بۆی نییە کەس ببینێت، ئەوکاتە هاوڕێکەی کە ناوی شـادییە دەیزانی کە بەندەر لەو ژوورەدا ڕزگاری نابێت و جارێکی تر کەس نابینێتەوە و دەیزانی بەندەر زۆر خەم دەخوات بۆیە هەوڵدەدا ئارامی بکاتەوە و هەروەها خودی خۆی بەم قسـانەش دەروونی ئارام ببێتەوە و گوتی: ((بەندەر، هەرکات زۆر غەمگین بوویت، درەختەکان بژمێرە، منیش درەختەکان دەژمێرم... ڕەنگە ڕێبکەوێت جارێک پێکەوە درەختی هەمان دارستان بژمێرین))(بەندەر فەیلی ، ل٣٥٦).

## ٣-٢ لایەنی نەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا

**٣-٢-١ ڕەشبینی:**

ڕەشـبینی بە لایەنێکی نەرێنی دەروونی مرۆڤ دادەندرێت.کەسـی ڕەشـبین زۆر بە قورسـی دەڕوانێتە ژیان و کێشـە و گرفتەکانی خۆی تێکەڵ بە دڵ و دەروونی دەکات ((ڕەشـبینی کاردانەوە بۆ هەندێ ڕووداوی ژیان دەداتەوە کە بوونە هۆکاری هەسـتەکانی خەمباری و دڵتەنگی کاتێک ڕووبەڕوی ئەو ڕووداوەنە دەبی کەسـی دەمارگیر پەنا دەباتە بەر دڵتەنگی و هەست کردن بە ڕەشبینی))( حسەین،٢٠٠٤، ل٢٣٠)

کاتێک بەندەر باس لە شـــادومان بوونی خۆی دەکات زۆر ڕەشـــبینە ســـەبارەت بە شـــادومان بوونی خۆی و پێی وایە ئەو هەرگیز شـادومان نابێت و هەرگیز شـادومان نەبووە دەڵێت: (((من ناتوانم شـــادومان بم، ڕەنگە هەرگیز نەمتوانی بێت شـــادومان بم، ئەگەر جارێکیش شـــادومان بووبێتم بە هەڵە وامزانیوە شادومانم))(بەندەر فەیلی ، ل٤٤٢).

## ٣-٢-٢ خەمۆکی:

خەمۆکی بارێکی دەروونی مرۆڤە، کە توشـی دەبێت.وەک دیاردەیەک لای هەموو کەسـێک هەیە و کەم تا زۆر کاریگەری لەســـەر مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت.مرۆڤ کاتێک تووشـــی خەمێک دەبێت بەهۆی لەدەسـتدانی کەسـێکی خۆشـەویسـتی یان هەژاری یان کەم ئەندامی، هەسـت کردن بە تاوان یان هەر هۆکارێکی تر بێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی بێت ئاســـاییە، بەڵام ئەگەر بە بەردەوامی بێت دەبێتە نەخۆشـی خەمۆکی لە کەسـەکە.کەم خەڵک هەیە بتوانێت لەم نەخۆشـییە ڕزگاریان بێت بە هەموو چین و توێژەکانەوە.خەمۆکی دەبێتە هۆی وێوانبوونی باری دەروونی تاک کە ڕەنگە ئەگەر دواتر تاک ڕزگاریشـــی بێت لە خەمۆکی جێماوەکانی لە دەروونی مرۆڤ هەر بمێنێ.هەندێکجاریش مرۆڤ کاتێک کەسێکی زۆر خۆش دەوێ بە مردنی یان لەدەسـتدانی جا بەهەر هۆکارێک بێت توشـی خەمۆکی دەبێت و هیچ دڵخۆشـیەک لە ژیان دوای ئەو کەســە نابینێت.

بەندەر لە زۆرینەی قۆناغەکانی ژیانیدا تووشـــی خەمۆکی بووە و ژیانی بە زۆری بە خەمۆکی بردۆتە ســـەر، کە ئەوەش وایکردبوو بەندەر هەمیشـــە بێ تاقەت و خەمۆک بێت.زۆر ڕووداو هەبوون کە کاریگەریان لەســـەر بەندەر هەبوو کە توشـــی خەمۆکیان کردبوو بەڵام ڕووداوێک بەندەری زۆر توشـــی خەمۆکییەکی قووڵ کرد کاتێک هاوڕێکەی لەسـێدارەدرا کە تاکە زیندانی بوو کە لە تەمەنی خۆیدابوو کاتێک لە ســـێدارەدرا بەندەری زۆر خەمبار کرد و بەندەر ئەو شەوەی هاوڕێکەی لە سێدارە درا نەخۆشکەوت و کەوتە نەخۆشخانە و تووشی تەنگەنەفەسی بوو کاتێک سـەید شـەهاب لێی دەپرسـێت بەندەر چیتە ئەویش دەڵێت: ((هیچم نیە سـەید، هیچم نیە، تەنیا وا هەستدەکەم دەخنکێم، وەک پەتێک لە ملمدا بێت وایە)(بەندەر فەیلی ، ل٢٦٥).

### ٣-٢-٣ دڵەڕاوکێ:

دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی شڵەژانی دەروونییە، هەموو مرۆڤێک توشی دڵەڕاوکێ دەبێت کە ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤەکە دروست دەکات.(دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی هەڵچوونیە لە ئەنجامی ترسان لە شتێکی نادیار سەرهەڵدەدات، جۆرێک لە نائارامی دەروونی دروست دەکات)(عزیز ، ل٢٨٥)

بەندەر کاتێک لەلای زیندانییەکان وەک قوتابییەک وانە وەردەگرێت و فێری دەکەن ، بەندەر لەو ماوەیەدا زۆر شت فێردەبێت و زانیاری زۆر وەردەگرێت.هەموو دینەکان بە هەموو مەزهەبەکانەوە شارەزا دەبێت و بەڵام نازانێت کە کام دین هەڵبژێرێت و دەکەوێتە دڵەڕاوکێوە لە هەڵبژاردنی دیندا کاتێک بە شادی هاوڕێی دەڵێت : ((ڕاستی نازانم چ دیانەتێک هەڵبژێرم. ئێستا تەمەنم سیازدە ساڵە و هیچ دیانەتێکم نییە. ها تۆ دەڵێیت چی، لەوانەیە بۆ پاشەڕۆژم باش نەبێت))(بەندەر فەیلی ، ل٢٥٩)

### ٣-٢-٤ بێ ئومێدی:

بێ ئومێدی حاڵەتێکی دەروونی نەرێنییە، کە توشی مرۆڤ دەبێت.((بێ ئومێدی حاڵەتێکی کاتیە لە هەستکردن بە نائومێدی و ناڕەحەتی بەهۆی تێر نەکردنی پاڵنەرەکان))(عزیز ، ل٢٨٦). مرۆڤ جگە لە تێرنەکردنی پاڵنەرەکان بەهۆی بەدەست نەهێنانی ئەو شتەی کە هەوڵی بۆداوە یان بەهۆی ڕووداوێکی ناخۆش کە بەسەری دێت توشی نائومێدی دەبێت.لە زۆر کاتدا ڕێژەی بێ ئومێدی دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێک کەس دەستیان دەچێتە گیانی خۆیان، هەوڵی خۆکوشتن دەدەن بە زۆر شێوە وەک خۆخنکاندن، سوتان، بەکارهێنانی چەک و چەقۆ .... هتد.یان خۆیان بۆ مردن جێ دێڵن هەوڵی ڕزگاربوون لە مەترسیەک نادەن، کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە وا هەست دەکەن توانای بەرگریکردنیان نەماوە هیلاک و ماندوو دەبن، بۆیە خۆیان ملکەچی چارەنووس دەکەن و ئامادەی مردن دەبن.

بەندەر کە لە ژیان و دەردەسەرییەکان بێزاربووبوو، ئەو بارودۆخەی تەواو بێ ئومێدی کردبوو، لە کاتێکدا کە دیداری لەگەڵ بەڕێوەبەری زیندان هەبوو، کە لە لایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکرابوو و لە دیدارەکەدا باسی ڕابردووی بۆ بەندەر کرد و باسی دایک و باوکی و ئەو ڕووداوانەی بەسەر دایکیدا هاتوون و بەندەر دوای ئەوەی گوێی لەو شتانەبوو بێ ئومێدی باڵی بەسەردا کێشابوو، کە بەڕێوەبەر بە بەندەری گوت باوکی بۆیە نەیکوشتووە تا تۆڵە لە دایکی بکاتەوە بە زیندانی کردنی منداڵەکەی بۆیە بەندەر بە نائومێدییەکی زۆرەوە گوتی: ((بۆ نەیکوشتم، بۆ؟))(بەندەر فەیلی ، ل٤٢٨).

ئەمەش بێ ئومێدی بەندەر ڕووندەکاتەوە کە چەند بێ ئومێدە لە ژیانی.بەندەر زۆر لە سەید بێ ئومێد بوو کە لەو زیندانەدا بەتەنیا بەجێی هێشـــت و ڕێگەیدا کە بەندەر بکەنە ناو ژوورێکی تەنیاوە و کەس نەبینێت.سەید تاکە کەس بوو کە لە بەندەر زۆر نزیک بوو بۆیە بەندەر کە بینی سەید یارمەتی نادات زۆر لێی بێ ئومێد بوو کاتێک لە زیندان ڕزگاری دەبێت و سەید دەستگیر دەکرێ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لە دیدارەکەیاندا بەندەر بە بێ ئومێدیەوە بە ســـەید دەڵێت: ((سەید نازانم... نازانم کەی، لە چ ساڵێکدا تۆم لە بیرچووەوە. لە چ ساڵێکدا دەستم هەڵگرت و کۆڵمدا و ئیتر چاوەڕوانم نەکردی))(بەندەر فەیلی ، ل٣٧٧).

## ٣-٢-٥ ترس:

ترس یەکێکی ترە لەو لایەنە ئەرێنییانەی، کە لە دەروونی مرۆڤ دروســـت دەبێت.گەورەترین دوژمنی مرۆڤە، کە جۆرێک لە شڵەژان دروست دەکات لەناو جەستەی تاکدا، هەروەها ترس لای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە.شـــتێکە مرۆڤ بە دەســـتی خۆی نیە، هەروەها ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و ڕادەی ترسیش بەرامبەر بە شـتەکان و پێشـهاتەکان جیاوازە.ترســـی زۆر دەبێتە هۆی نەخۆشـــی دەروونی لای تاک.هەندێک جاریش مرۆڤ کاتێک دەرئەنجامی کارێک نازانێت ترسێک لای دروســت دەبێت، کە ڕێگری لێ دەکات هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت بۆ دواوە پاشەکشە دەکات.

(بەندەر) کاتێک، کە لە زیندان بوو بڕیاری ئەوە هات، کە بەندەر ببردرێتەوە دەرەوە و تەنها لە شەوان بۆی هەیە دەرەوە ببینێت، هەروەها کاتێک یەکێک لە زیندانییەکان پلانی هەڵهاتنی خستە مێشـــکی بەندەرەوە، کە ئەگەر جارێکی تر چوونە دەرەوە ئەوە هەولبدات هەڵبێت لە دەســـتی سەید شەهاب و بەڕێوبەر و جارێکی تر نەگەڕێتەوە و ئازاد بێت، بەڵام بەندەر لە کاتی چوونە دەرەوەکەدا هێندە ترسابوو، کە نەیدەویست دەرەوە ببینێت و گوتی: ((با بگەڕێینەوە، دەمەوێت بخەوم، نامەوێت پاسەکان ببینم... دەمەوێت بگەڕێینەوە))(بەندەر فەیلی ، ل١٠٧).

کاتێک بەندەر دەســـتگیر دەکرێتەوە، لە دوای ئەوەی کە زیندانی یەکەم بۆردومان کرا لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەندەر ماوەیەک ئازاد دەبێت، بەڵام ژیانێکی خراپ لە دەرەوەی زیندان بەڕێدەکات.دواتر کە دووبارە دەســـتگیری دەکەنەوە و دەیگوازنەوە زیندانێکی نوێ زۆر دەترسێت و ترس دەستی بەسەردادەگرێت هەمان هەستی پێشووی دەگەڕێتەوە، بۆیە بەندەر بەخۆی دەگوت: (( بەندەر، بەندەر گوێبگرە، ئێرەش هەر وەک زیندانە کۆنەکەیە، هەر وەک زیندانە کۆنەکەیە، مەترسە بەندەر مەترسە))(بەندەر فەیلی، ل٢٣٧)

### ٣-٢-٦ تەنیایی:

تەنیایی حاڵەتێکی نەرێنی دەروونییە، کە توشـــی مرۆڤ دەبێت.کەم کەس هەیە لەم گەردوونەدا هەســـت بە تەنیایی نەکات، تەنیایی هەموو حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ تێکدەشـــکێنێت، وا لە مرۆڤ دەکات لە ناخەوە هەست بە ئازار بکات.هۆکارەکان زۆرن کە وا لە مرۆڤ بکات هەست بە تەنیایی بکات؛ لەوانە هەژاری و نەبوونی خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزان ((هەروەها لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیان و پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنەلۆژیا و پێداویستیەکانی مرۆڤ و بەربەســـت و کۆســـپەکانی ســـەر ڕێگای تێرکردنی پەرۆشـــی و خەریک بوونی مرۆڤ بە بەها ماددییەکانی ژیان و پشتگوێخستنی بەهای گیانی و مەعنەوی))(قەرەچەتانی ، ١٧٨)، مرۆڤ توشی تەنیایی دەبن.

کاتێک بەڕێوبەر و سەید شەهاب بەندەر دەبەنە دەرەوە بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی زیندان دونیا دەبینێت و ســـەید شـــەهاب بۆی ڕووندەکاتەوە، شـــار چیە، کۆڵان چیە، ماڵ چیە، خێزان چیە، هەروەها هەموو شـــتێکی بۆ ڕووندەکەنەوە بەڵام بەڕێوبەر بە بەندەر دەڵێت: (( زۆر باشـــە. بەندەر بەڵام مەرج نییە هەموو مرۆڤێک خێزانی هەبێت، نا مەرج نییە.هەندێ کەس هەن وەک تۆ وان خێزانیان نییە، ماڵیان نییە))(بەندەر فەیلی ، ل٦٥).ئەمە واتای ئەوەیە کە بەندەر هەمیشـــە لە تەنیایدا دەبێت و ماڵێک و خێزانێکی نییە.

ئەو کاتەی، کە بەندەر لە لایەن ئەمریکییەکانەوە دەدۆزرێتەوە و بە ژیانی بەندەر زۆر سەرسام دەبن و ژیانی بەندەر وەک چیرۆکێک بە جیهاندا بڵاودەکەنەوە، لە ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکانەوە ژیانی بەندەر بڵاودەکرێتەوە وەک چیرۆکێکی ســـەرســـوڕهێنی زیندانییەکی ســـەیر. کاتێک کە پەیامنێرەکانی کەناڵەکان پرسیار ئاڕاستەی بەندەر دەکەن لەسەر ڕابردووی و ژیانی ناو زیندان یەکێک لە پەیامنێرەکان کە دەیەوێت ژیانی بەندەر وەک فلیمێک بە کەناڵەکاندا بڵاوبکاتەوە پرســـیاری هەبوونی خێزان و ناســـینی کەســـێک لە بەندەر دەکات و دەڵێت: (( حەزدەکەیت یەکەم کەس کێ ببینیت؟ یەکەم کەس تەلەفون بۆ کێ دەکەیت؟) بەندەر لە وەڵامدا دەڵێت :(تەلەفون؟ کەســـم نییە تەلەفونی بۆ بکەم، کەس نییە ببینم))(بەندەر فەیلی ، ل٣٨٩).ئەمە تەنیایی بەندەر ڕووندەکاتەوە لە زاری خۆیەوە کە بێ کەس و تەنیایە.

**ئەنجام:**

- ژیانی بەندەر فەیلی ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە تەنیایی چەند سەخت و بە ئازارە و کەسێک کاتێک لە زیندان لە دایک ببێت و لە زیندان گەورەبێت، دوور لەو ژیانە سروشتییەی کە پێویستە هەموو منداڵێک پێویستە تێیدابێت.

- بەندەر فەیلی نوێنەری ئەو مرۆڤانەیە، کە لە باروودۆخێکدان بە هیچ شێوازێک ناتوانن هەست بکەن کە ئازادن، لە زیندان دەچنە دەرەوە، بەڵام ناتوانن هەستی ئەو زیندانە کە لە ناخییاندا چێنراوە بکەنە دەرەوە و هەمیشە هەست دەکەن زیندانن و کە ئازاد دەبن نازانن چی لە ئازادی خۆیان بکەن .

- بەندەر فەیلی نموونەی ئەو کەسانەیە، کە ئامادەن لە پێناو خۆشەویستی و ئەشقدا هەموو کۆت و زنجیرێک بپسێنن.لە هەموو زیندانێکدا هەوڵی هەڵهاتن بدەن لەپێناو خۆشەویستیدا، بەندەر فەیلی پەیامی ئەوەمان دەداتێ کە عەشق دەتوانێت مرۆڤ بگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی دیکە، کە هەوڵی هەڵهاتن لە زیندان لە پێناو عەشق بدات.

## لیستی سەرچاوەکان :

## یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان


- یۆنگ ، کارڵ گۆستاڤ ، ٢٠٠٥ ، مرۆڤ و هێماکانی ، و.ئاوات ئەحمەد، چ یەکەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

- ئادلەر ، ئاڵفەرد، ٢٠٠٨ ، ناسینی سروشتی مرۆڤ، و.سیدۆ داود عەلی ، فرمێسک ڕزگار عەلی ، چ یەکەم ، چا گەنج ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، سلێمانی.

- برێسلێر ، چارلز ، ٢٠٠٧ ، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی ، و.عبدولخالق یەعقوبی ، چ دووەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر.

- فرۆید ، زیگمۆند ، ٢٠٠٥ ، تەوتەم و تاپۆ ، و.ڕەزا مەنوچهری ، چ یەکەم ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی .

- فرۆید ، سیگمۆند ، ٢٠٠٧ پێنج وانە لە دەروونشیکاریدا ، و.صباحی مەلا عەولا ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر ، هەولێر.

- عەلی ، د.ئازاد ، ٢٠٠٨ دەربارەی دەروونزانی گشتی ، چ یەکەم.

- عزیز ، عزالدین احمد ، ٢٠١٤ ، بنەماکانی دەروونزانی گشتی ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ، ١٩٩٦ ، دەروازەی دەروونزانی ، چاپخانەی زانکۆ ، هەولێر.

- قەرەچەتانی ، د.کەریم شەریف ، ٢٠٠٣ ، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە ، چ یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

- قەرەچەتانی ، د.کەریم شەریف ، ٢٠١٠ ، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی.

## دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

### کتێب:


- الحلو ، د.حكمت دور ، د.زرحيق خليفة ، ٢٠٠٤ ، مدخل ألي علم النفس ، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات ، قاهرة.

- الداهري ، د.صالح حسن احمد ، د.وهيب مجيد الكبيسى ، ١٩٩٩ علم النفس العام ، ط الأولي ، مؤسسه الحماده للخدمات والدراسات الجامعيه ، الأردن.

- المليجى ، د.حلمى ، ٢٠٠١ ،علم النفس الشخصية ، ط الأولي ، دار النهجه العربيه بيروت ، لبنان.

- بيدس ، اميل خليل ، ١٩٨٦ ، قضايا في التحليل النفسي ، ط الخامسه ، دار الافاق الجديده ، بيروت.

- روكلن ، موريس ، ١٩٧٨ ، تاريخ علم النفس ، ت.دكتور على زيعور ، ط الثالثة ، دار الأندلس ، بيروت.

- فرويد ، سيغموند ، ١٩٨١ ، الهذيان و الاحلام في الفن ، ت.جورج طرابيشي ، ط الثالثة ، الدار الطلبية.

- عويضة ، كامل محمد محمد ، ١٩٩٦ ، علم النفس الشخصية ، ط الأولي ، دار الكتب العلمية ، بيروت.

- يونس ، محمد ، ٢٠٠٤ ، مبادىء علم النفس ، ط الأولي ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، الأردن.

**ملخص:**

هذا البحث بعنوان (الأبعاد النفســية في رواية بختيار علي (بندر فيلي) ) هو محاولة لفهم الأبعاد النفســية في رواية بختيار علي والجوانب النفســية للشــخصــيات ، ويتكون هذا البحث من ثلاثة أجزاء خصص الجزء لأول للمقدمة وعنوان البحث ونطاقة وسبب اختيار البحث وأهمية البحث ومشكلات البحث والمحتوي . أما الجزء الثاني فيناقش نظريا مفهوم وتعريف علم النفس ، وتاريخ ظهور علم النفس ورواد علم النفس ، وأعمال ثلاثة من أبرز رواد هذا العلم، في الجزء الثالث البعد النفسي في رواية بختيار علي (بندر فيلي) وأخيرا ، ينتهي بالنتائج وقائمة المصادر التي استخدمناها .

## Summary:

This research entitled (Psychological Dimensions in Bakhtiar Ali's Novel (Bandar Faili)) is an attempt to understand the psychological dimensions in Bakhtiar Ali's novel and the psychological aspects of the characters. this research consists of three parts the first part is devoted to the introduction, the title and scope of the research, the reason for choosing the research, the importance of the research, the problems of the research and the content. the second part theoretically discusses the concept and definition of psychology, the history of the emergence of psychology and the leaders of psychology, and the work of three of the mostprominen leaders of this science in the third part, the psychological dimension in Bakhtiar Ali's novel Bandar Faily.

finally, it ends with the results and a list of the sources we used.